# DELAV® PLAST

# CV

## Delav Plast Cv



**کۆمپانیای دێلاڤ: بۆ بازرگانی گشتی، دابینکردنی پێداویستیەکانی سیستەمی ئاودێری، مێرووکوژ، پەینی کیمیایی وشک و شل و تۆوی کشتوکاڵی / سنووردار.**

دێلاڤ دابەشکەری سەرەکی چەند کۆمپانیایەکی بەناوبانگی جیهانیە کە کار دەکەن لە کەرتی ئاودێری پارک و باخچە و کشتوکاڵی، دێلاڤ رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە دابینکردنی چارەسەری بنیاتنەرانە بە هاوبەشیکردن لەگەڵ ئەم کۆمپانیایانەی خوارەوە:

1. هانتەری ئەمریکی، دێلاڤ دابەشکەری تایبەتی کۆمپانیای هانتەری ئەمریکیە کە پێشەنگی جیهانە لە بواری دروستکردنی سیستەم و ئامێرەکانی ئاودێریدا. هانتەر بە تەکنەلۆژیای داهێنەرانە ناسراوە، چارەسەری کوالیتی بەرز پێشکەش دەکات بۆ هەردوو پێداویستی ئاودێری کەرتی بازرگانی و نیشتەجێبوون.

2. ئەلیزێی قوبرسی، بۆ بەرهەمهێنانی پارچەکانی بەیەکگەیاندنی سیستەمی ئاودێری (ملحقات)، کە یەکێکە لە بەناوبانگترین کۆمپانیاکانی جیهان بۆ پیشەسازی پێداویستیەکانی سیستەمی ئاودێری و دڵۆپاندن.

3. پۆلیسانی تورکی، بۆ بەرهەمهێنانی پارچەکانی بەیەکگەیاندنی سیستەمی ئاودێری (ملحقات)، کە یەکێکە لە باشترین کۆمپانیاکان لە تورکیا بۆ پیشەسازی پێداویستیەکانی سیستەمی ئاودێری و دڵۆپاندن.

4. ئەگرۆدریپ، بۆ بەرهەمهێنانی بۆری دڵۆپاندن Pressure Compensate (PC) بۆ سیستەمی ئاودێـری، ئەم بۆریانەی هێڵی دڵۆپاندن زۆر گرنگن بۆ پاراستنی کارایی لە سیستەمی ئاودێریدا، دێلاڤ دڵنیای دەدات لەوەی کە پرۆژە کشتوکاڵییەکان و پارک و باخچەکانی عێراق سوودمەند دەبن لە تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی کۆمپانیای ئەگرۆدریپ.

لە رێگەی ئەم هاوبەشیانەوە، دێلاڤ بەردەوامە لە دابینکردنی چارەسەری داهێنەرانە بۆ ئاودێری پارک و باخچەکان و زەوییە کشتوکاڵیەکان، کە جووتیاران و پیشەسازییەکانی عێراق لەم رێگەیەوە دەستیان دەگات بە پێشکەوتووترین تەکنەلۆژیاکانی ئاودێری جیهان.

## کۆمپانیای دێلاڤ خاوەنی کارگەی دێلاڤ پلاستە بۆ پیشەسازی بۆری پلاستیکی پۆلی ئەثیلینی پێشکەوتوو

کارگەی دێلاڤ پلاست بۆری پۆلی ئەثیلین لە جۆرەکانی PE100 و PE100-RC (Resistant to Crack) بەرهەم دەهێنێت، بە پەستانی 4 بۆ 32 بار و توانای بەرهەمهێنانی ساڵانەی بە تێکڕای 15,000 تۆن، کە بەرهەمەکان گونجاون بۆ بەکارهێنان لە پرۆژە ستراتیجیەکانی گواستنەوەی ئاوی خواردنەوە و سیستەمی ئاودێری پارک و باخچەکان و ئاودێری کشتوکاڵی و گواستنەوەی غاز و هێڵی کارەبا و ئینتەرنێت، بەپێی ستانداردەکانی DIN 8074 PAS 1075 Type 1، EN 12201-2 و ISO 4427-2 بەرهەم دەهێنرێت، بۆ زانیاری زیاتر تکایە سەیری کەتەلۆگی هاوپێچ بکەن.

کارگەی دێلاڤ سەرجەم بڕوانامە نێودەوڵەتیەکان و ڕاپۆرتی پشکنینی پێویستی بەدەست هێناوە کە لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆی کوردستانی داواکراون، لەوانە ڕاپۆرتی پشکنینی جۆری PAS 1075 Type 1 کە لەلایەن HESSELی ئەڵمانی شیکاری بۆ کراوە، پێنج بڕوانامەی نێودەوڵەتی ISO کە لەلایەن UKAS ی بەریتانی تۆمارکراون و دوو بڕوانامەی ئیتاڵی AXE Register، هەروەها دێلاڤ تۆمارە لە DVGW ی ئەڵمانی و هەموو ئەو ڕاپۆرتانەی بەدەستهێناوە کە لەلایەن DVGW داواکراوە، لەگەڵ بڕوانامەی WRAS Approval ی بەریتانی لەسەر بنەمای ڕاپۆرتەکانی تاقیگەی NSF، وەک لە خوارەوە ئاماژەیان پێدراوە:

- دێلاڤ سیستەمی بەڕێوەبردن و کوالیتی لەسەر بنچینەی ئەم ستانداردانە بنیات ناوە:
  - سیستەمی بەڕێوەبردن لەسەر بنچینەی ISO 9001:2015 بنیات ناوە.
  - سیستەمی تەندروستی و سەلامەتی و ژینگەپارێزی لەسەر بنچینەی ISO 14001:2015 QHSAS 18001:2007 بنیات ناوە.
  - سیستەمی کوالیتی لەسەر بنچینەی DIN 8074 PAS 1075 Type 1 / BS EN 12201-2 / ISO 4427-2 / CEN EN 1555-2 بنیات ناوە.
- ڕاپۆرتی HESSELی ئەڵمانی PAS 1075 Type 1 for PE100-RC بەدەست هێناوە.
- بڕوانامەی DVGWی ئەڵمانی بۆ هەڵسەنگاندنی پێکهاتەی کیمیایی بۆری پۆلی ئەثیلین PE100 و PE100-RC PAS 1075 Type 1 لەسەر بنچینەی تاقیکردنەوەکانی TZW، وەکو Formulation Assessment و Microbial Growth DIN EN 16421 و Migration KTW-BWGL بەدەست هێناوە.
- بڕوانامەی WRAS Approval ی بەریتانی (لەژێر کۆدی:240755027) بۆ گونجاوی و بەرکەوتن لەگەڵ ئاوی خواردنەوە بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتەکانی تاقیگەی NSF ی بەریتانی بەدەست هێناوە.

لێرەوە دڵنیاتان دەکەینەوە کە بەرهەمەکانی دێلاڤ هیچی لە بەرهەمی وڵاتانی پێشکەوتوو کەمتر نین و 100% بە پێی ستاندارده جیهانیەکان بەرهەم دەهێنرێن.

DVGW | TZW Technologiezentrum Wasser | WRAS | NSF | HESSEL Ingenieurtechnik | AXE REGISTER

Registered to ISO 4427-2 : 2019 | Registered to EN 12201-2 : 2012 | Registered to ISO 9001 : 2015 | Registered to ISO 14001 : 2015 | Registered to HSE System

**جیاوازیەکانی بەکارهێنانی بەرهەمەکانی دێلاف پلاست:**

1. بەرهەمەکانی کارگەی دێلاف پلاست بە بەراورد بە بەرهەمە نێودەوڵەتەکان بە ڕێژەی 10% بۆ 15% هەرزانترن.
2. بۆری هاوردەکراو بەهۆی تێچوو و کێشەی گواستنەوە بە درێژی ١٢ مەتر سنووردارە، بەڵام بەرهەمەکانی دێلاف پلاست بەم دوو شێوەیەیە:
   - لە قەبارەکانی ٢٠ تا ١٢٥ ملم دەگۆڕین بۆ ڕۆڵەی ١٠٠ مەتری.
   - لە قەبارەکانی ١٢٥ تا ٦٣٠ ملم دەگۆڕین لە ١٢ مەتری بۆ ١٤ مەتری.
3. ئەمانەی سەرەوەش دەبنە هۆی کەمکردنەوەی ژمارەی (Coupling) بەیەکگەیەنەرەکان کە لە هەر سەد مەترێک ٧ دانە کەپلینگ بەکاردێت، بەمەش دەتوانین گۆڕانکاری بەرچاو لەمانە بکەین:
   - کەرەستەکان (فیتینگەکان)
   - تێچووی کار و وزە و دڵنیایی
   - تەمەنی بۆریەکە
   - خێرایی و کارایی پرۆژەکە

   دێلاف بەم شێوەیەی خوارەوە گۆڕانکاری دەکات لە کەمکردنەوەی تێچووی بەرهەمهێنان و جێبەجێکردن لە پرۆژەکان:

   - لە هەر کیلۆمەترێک بۆری پۆلی ئەثیلین، ....
4. ئەم ستراتیجیانەی گەڕاندنەوەی تێچوون و کات ڕێگە بە تەواوکردنی خێراتری پرۆژەکە دەدات، ئەمەش وا دەکات لە کاتی دیاریکراو بۆ پرۆژەیەك دوو پرۆژە ئەنجام بدرێت.

**پشتگیری پرۆژەکان:**

1. دێلاف پشتگیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاو بۆ ئەو پرۆژانەی کە ڕاستەوخۆ جێبەجێیان دەکات و بەڵێندەرەکان و خاوەن پرۆژەکان بە دابینکردنی داواکاریەکانیان بە شێوەی قەرز لە ماوەی ٢ هەفتە تاکو ٢ مانگ تا ئەوکاتەی شایستە داراییەکانیان وەردەگرن، ئەمەش دڵنیای دەدات لە تەواوکردنی پرۆژەکان لە کاتی خۆیاندا بەبێ دواکەوتن، بەبێ ئەوەی هیچ برە پارەیەکی زیادە بخرێتە سەر بە بەراورد بەوەی کە بە شێوەی نەختینە (نقد) پێیان دەفرۆشین.

**پشتگیری کشتوکاڵی:**

1. کارگەی دێلاف پلاست پشتگیری جووتیارانی ناوخۆیی دەکات بە دابینکردنی بۆری و پێداویستی ئاودێری بە قەرز تا ئەوکاتەی جووتیاران بەرهەمەکانیان دەفرۆشن، بەبێ ئەوەی هیچ برە پارەیەکی زیادە بخرێتە سەر بە بەراورد بەوەی کە بە شێوەی نەختینە (نقد) پێیان دەفرۆشین.
2. ئەم پشتگیریانە سەقامگیری دارایی جووتیاران بەهێز دەکات و ڕێگەیان پێدەدات سەرنجیان لەسەر زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی بێت کە ئەمەش دەبێتە هۆی بووژانەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی و بەرەوپێش بردنی باری دارایی وڵات.

# تاقیگەی دێلاڤ پلاست

دێلاڤ پلاست خاوەنی تاقیگەیەکی زانستی پێشکەوتووانەیە کە تەکنەلۆژیا و کەلوپەلی مۆدێرن بەکاردەهێنێت بەمەبەستی پێوانە و تاقیکردنەوەی بۆڕییە بەرهەمهێنراوەکان و دابینکردنی ئەنجامی ورد بۆ بەرهەمەکان لە ڕووی کوالێتیەوە.

تاقیکردنەوەکانی تاقیگەی دێلاڤ پلاست بە ستانداردی ISO 17025 بەڕێوەدەچن بۆ دابینکردنی داواکاری و مەرجە یاساییەکان لاژێر سیمبولی بەرپرسیارێتی، ڕاستگۆیی و ڕێزگرتن.





| | |
|---|---|
| • Appearance ........................................ | ISO 4427-2 |
| • Effect of water quality ........................................ | ISO 4427-2 |
| • Marking........................................ | ISO 4427-2 |
| • Minimum thickness (mm) ........................................ | ISO 4427-2 |
| • Average diameter (mm) ........................................ | ISO 4427-2 |
| • Maximum out-of-roundness (ovality) ........................................ | ISO 4427-2 |
| • Melt mass flow rate (gr/10min) ........................................ | ISO 1133 |
| • Density (gr/cm3) ........................................ | ISO 1183-A |
| • Carbon black content (% by mass) ........................................ | ISO 6964 |
| • Dispersion ........................................ | ISO 18553 |
| • Appearance after the test dispersion ........................................ | ISO 18552 |
| • Oxidation induction time at 200˚C (min) ........................................ | ISO 11357-6 |
| • Longitudinal reversion (%) ........................................ | ISO 2505 |
| • Hydrostatic strength at 20˚C ........................................ | ISO 1167-1 |
| • Hydrostatic strength at 80˚C ........................................ | ISO 1167-1 |
| • Elongation at break ........................................ | ISO 6259-1,3 |

*بەشێک لە بڕوانامە و ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکانی کارگەی دێلاڤ پلاست:


WRAS

WATER REGULATIONS APPROVAL SCHEME LTD (WRAS)

DELAV PLAST IRAQ


CERTIFICATE

DELAV Co.

DIN EN 1555-2:2021

DELAV PLAST IRAQ


CERTIFICATE

DELAV Co.

ISO 45001:2018

DELAV PLAST IRAQ


Certificate of Registration

EN12201-2:2011

Plastics piping systems for water supply, and for drainage and sewerage under pressure - Polyethylene (PE)

DELAV PLAST IRAQ


Certificate of Registration

ISO 4427-2:2019

DELAV PLAST IRAQ


Certificate of Registration

ISO 9001:2015

Quality Management System

DELAV PLAST IRAQ

ARCB UKAS IAF


Certificate of Registration

ISO 14001:2015

Environmental Management System

DELAV PLAST IRAQ

ARCB UKAS IAF


Certificate of Registration

Health, Safety and Environment Management Syste

DELAV PLAST IRAQ


HESSEL

DELAV PLAST IRAQ


TZW

DELAV PLAST IRAQ


DVGW CERT


DVGW CERT

*ئەو کۆمپانیا و پرۆژانەی کە بەرهەمەکانی دێلاڤیان بەکارهێناوە:

1. بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆی دەوروبەری هەولێر

2. کار هۆڵدینگ

3. ماس هۆڵدینگ

4. کۆمپانیای پاڵۆس بۆ گواستنەوەی هێڵی کارەبا

5. دابینکردنی 5 کیلۆمەتر بۆری پۆلی ئەثیلین بۆ پرۆژەی گواستنەوەی ئاو لە قەرەداغ، کە لەلایەن کۆمپانیای KNR جێبەجێ کرا، بەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە:

125mm HDPE Pipe PE100, PN20, SDR9 According to Standard DIN 8074, EN12201-2, ISO 4427-2

6. دابینکردنی 6 کیلۆمەتر بۆری پۆلی ئەثیلین بۆ پرۆژەی گواستنەوەی ئاو لە شارۆچکەی حەویجە بۆ کۆمپانیای جەمال، بەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە:

160mm HDPE Pipe PE100, PN16, SDR11 According to Standard DIN 8074, EN12201-2, ISO 4427-2

7. دابینکردنی 6 کیلۆمەتر بۆری پۆلی ئەثیلین بۆ کۆمپانیای رۆسنەفتی رووسی، کە لەلایەن RN-Zawita و MAL Petroleum جێبەجێ کرا، بەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە:

140mm HDPE Pipe PE100, PN20, SDR9 According to Standard DIN 8074, EN12201-2, ISO 4427-2

8. دابینکردنی 2.5 کیلۆمەتر بۆری پۆلی ئەثیلین بۆ پاڵاوگەی لاناز لە هەولێر، بەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە:

315 mm & 355mm HDPE Pipe PE100, PN20, SDR9 According to Standard DIN 8074, EN12201-2, ISO 4427-2

9. دابینکردنی 10 کیلۆمەتر بـۆری پۆلی ئەثیلین بۆ پرۆژەی گواستنەوەی ئاوی خواردنەوە لە شارۆچـــکەی سیدەکان لە بەڕێوەبەرایەتی ســەربەخۆی ســـۆران لە 2023، بەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە:

160mm HDPE Pipe PE100, PN16, SDR11 According to Standard DIN 8074, EN12201-2, ISO 4427-2

10. دابینکردنی گشت پێداویستیەکانی سیستەمی ئاودێری، لەوانەش بۆری پۆلی ئەثیلین بە هەموو قەبارەکانیەوە، بەپێی دیزاینی سیستەمەکە، و ئیکسسوارات و ئاوپرژێن و تایمەر بۆ باخچەکانی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی کەربەلا لە ساڵی 2023.

11. دابینکردنی 35 کیلۆمەتر بۆری پۆلی ئەثیلین بۆ پرۆژەی گواستنەوەی ئاوی خواردنەوە بۆ کەمپی ئاوارەکانی هۆل لە سوریا، کە لەلایەن رێکخراوێکی ئەمریکی جێبەجێکرا، بەم قەبارانە: (315 ملم، 200 ملم، 160 ملم، 125 ملم، 110 ملم، 90 ملم، 75 ملم و 50 ملم).

12. دابینکردنی 9 کیلۆمەتر بۆری پۆلی ئەثیلین بۆ پرۆژەی گواستنەوەی ئاوی خواردنەوە بۆ کەمپی ئاوارەکانی رۆژهەڵات لە بەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆی سۆران، بەم قەبارانە: (125 ملم 25 بار، 110 ملم 16 بار، 90 ملم 16 بار و 63 ملم 16 بار).

13. دابینکردنی 16 کیلۆمەتر بۆری پۆلی ئەثیلین بۆ پرۆژەی گواستنەوەی ئاوی خواردنەوە لە گوندی بەرمیزە لە بەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆی سۆران، بەم قەبارانە: (180 ملم، 160 ملم، 90 ملم و 75 ملم).

14. دابینکردنی 3388 مەتر بۆری پۆلی ئەثیلین بۆ پرۆژەی گواستنەوەی ئاوی خواردنەوە بۆ گەڕەکی ٨ی حەسارۆک لە هەولێر کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر جێبەجێ دەکرێت، بەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە:

160mm HDPE Pipe PE100-RC PAS 1075 Type 1, PN10, SDR17 According to Standard DIN 8074

لە رێگەی ئەم پرۆژە هەمەچەشنانەوە، کۆمپانیای دێلاڤ بەردەوامە لە نیشاندانی پابەندبوونی خۆی بە دابینکردنی بەرهەمی کوالیتی بەرز لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا کە داواکارییەکانی پرۆژە ژێرخانییە گرنگەکان لە سەرانسەری عێراق و دەرەوەی عێراقدا جێبەجێ بکات.

*چەند نموونەیەک لە بەرهەمەکانی کارگەی دێلاف پلاست:













DELAV® LANDSCAPE SUPPLY

DELAV® PLAST



## DELAV® LANDSCAPE SUPPLY


No.181, Jamal Haidary St, 229 Mufti, Erbil - Iraq

+964 (0)750 388 1447 +964 (0)750 388 2224

+964 (0)770 945 5443

Delav Company

delav_company

www.delavco.com

info@delavco.com delav.co@outlook.com

Registration No.: 16967


## DELAV® PLAST


On Erbil - Kirkuk Highway, Qushtapa town, Erbil - Iraq

+964 (0)750 388 3330 +964 (0)773 445 4605

Delav plast pipes factory

dp@delavco.com

Registration No.: 13164


WRAS DVGW AXE REGISTER AXE REGISTER HESSEL Ingenieurtechnik

ISO 45001 DIN EN 1555-2